



# سەردەمی گواستنەوەی واقیع بۆ خەیاڵ

سمکۆ محەمەد

رۆمان ئەو ژانرەیە کە هەم هونەرە و هەم پیشەسازی، هەڵگری زیاتر لەگرێیەکی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژییە، بۆیە بەنووسینەوەی تەکنیکە جوانەکان هەژمارکراوە، ئیدی هەر لەناوونیشانەوە بگرە تاکوو (گرێچن- حبکة) و دروستکردنی پاڵەوانی هەموو شتزان، یان فرە پاڵەوانی، بۆیە ئەم پیشەسازییە نوێیە بە یەکێک لە دەرهاویشتە جوانەکانی ئەدەب ناسراوە و بەرهەمی سیستمی سەرمایەداری مۆدێرنەیە، مۆدیرنەش ئەو دنیابینییەی خوڵقاندووە کە رۆماننووس بروایەکی تەواو لە دروستکردنی گرێچندا بۆ خوێنەر بەجێ دەهێڵێت، تاکوو خوێنەر قەناعەت بکات خۆی بەشێکە لەو فەزا جیاوازانەی بەشێکن لە رۆمانەکە، تا سەرەنجام خوێنەر تێڕوانینی تایبەتی خۆی بۆ بنەما و سەرهەڵدانی ئەو زنجیرە چیرۆکە هەبێت کە رۆمانەکە کۆی کردوونەتەوە، ئەمە سەرەتاییترین ئامانجە لە نووسینی رۆماندا، بۆیە ئەگەر خوێنەر تارادەیەکی باش لە دەرهاویشتە ئەدەبییەکانی دنیای مۆدێرنە تێنەگەیشتبێ، ئەوە ناتوانێ تێڕامان و خوێندنەوە بۆ ئەم ژانرە ئەدەبییە قورسە بکات.

هەمیشە نووسەر لە هەوڵی ئەوەدایە ئازادییەکی هەبێت لە گواستنەوەی واقیع بۆ خەیاڵ، لە خەیاڵیشەوە بۆ بەواقیعکردنی نووسین کە رەنگە لە ئاییندەدا پێشبینییەکە بێتەدی، چونکە دەقمان هەیە کە بەخەیاڵ نووسراوەتەوە، کەچی شەقڵی واقیعیبوونی وەرگرتووە، نموونەی دەقی (کاتژمێر بیست و پێنج)ی کۆنتستانتا جیۆرجیا و رۆمانی (١٩٨٤) جۆرج ئۆرویل و (دۆنکیشۆت)ی سێرڤانتس، کەوابوو دەقنووس ئازادە لەوەی چۆن مامەڵە لەتەک واقیعێکی بزربوو، یان کۆن، یان پەراوێزخراو دەکات کە نووسەرانی ئەو زۆنەی چیرۆکەکەی تێدا لەدایک بووە، لەگەڵ ئەو نووسەرانەی کە شاهیدی رۆژگار

و زەمەنەکەن، بوێری ئەوەیان نەبووە بەزیندوویی ڕاییگرن و بینووسنەوە، یان ئەوەی مێژوو مافی بەو چیرۆکە نەداوە، ڕۆماننووسێک دێت و وەکوو وردە مێژووی ژیانی کۆمەڵایەتی دەینووسێتەوە.

ستایلی ڕۆمان بۆ خوێنەر، یان ڕەخنەگر، هەندێک جار لە واقیعبینییەوە سەرچاوە دەگرێت، نەک ئەو خەیاڵەی کە ڕۆماننووس دنیابینی خۆی لە دەقەکەدا بیناکردووە، هەروەک چۆن ئەم کێشەیە بۆ مارکیز لە ڕۆمانی (بەیادی سۆزانییە غەمبارەکە) وێنە جوانەکەی بەپاڵەوانەکە بەخشیوە، یان دانتی لە (کۆمیدیا)کەی کە وێنەیەکی جیاوازی بۆ ئیبن خەلدوون دروست کردووە، یان ئەو وێنەیەی کازانتزاکیس لەڕۆمانی جارێکی تر (مەسیح لە خاچ دەدرێتەوە) بۆ مەسیحی دروست کردووە، یان ئەو وێنە ناشیرینەی ڤیکتۆر هۆگۆ بۆ (قەمبوورەکەی نۆتردام)ی دروست کردووە، بەڵام کردوویەتی بەشۆڕشگێڕ، من بۆیە ئەو چەند دەقە جیهانییەم وەرگرتووە، تاکوو بیسەلمێنم کە ڕۆماننووس دەزانێ چۆن لەگرێچنی دەروونیدا قەناعەت بۆ خوێنەر دروست دەبێت، چونکە چیرۆکی بچووکی نێو ڕۆمان، لەو شوێنەوە دەنووسرێتەوە کە فەزایەکی خەیاڵی بەسەر خوێنەردا زاڵ دەبێت، تاکوو باڵکێشی دەکات و سەرسامی دەردەبڕێت.

ئەم پێشەکییەم بۆ ئەوەبوو کە قسەیەکی جیاواز لەسەر ڕۆمانی (سەردەمی گریانی بەڵقیس) بکەم کە ساڵی ٢٠١٨، لەلایەن جەبار جەمال غەریب -ەوە نووسراوە، دیارە ئەم دەقە کەم و زۆر لەسەری نووسراوە، بەڵام زۆربەی خوێندنەوەکان بەچاوی واقیعی کۆمەڵایەتی مامەڵەی لەتەکدا کراوە، لەکاتێکدا ئەو ڕۆمانە جوانییەکەی لەوێدایە کە وێنەیەکی نوێی بۆ زەمەنێکی بەسەرچوو تۆمارکردووە، نۆستالیژیایەکی زیندوو کردووەتەوە کە هەموو کارەکتەرەکانی هاوزەمەنی پاڵەوانەکە کە (سەروەر)ی نووسەرە لەگەڵ کچێکی هاوڕێی بەناوی (نیان) کە خۆی لەئەسڵدا (بەیان)ـە، واتە هاوڕێکانی نەیانتوانیوە لە دەقێکی ئەدەبیدا ئەو نۆستالیژیایە زیندوو ڕابگرن، بەڵام ڕۆماننووس لەدوای ٢٥ ساڵ لە بەسەرچوونی چیرۆکەکە، بیر لەوە دەکاتەوە فانتازیایەک بەو چیرۆکە پڕ نهێنییە بدات کە تا ئێستا کۆدەکانی ئاشکرا نەبوون، بۆیە یەکێک لە ئەرکەکانی ڕۆمانەکە لە جەوهەردا، واقیعێکی بزربووی کردووە بە خەیاڵێکی زیندووی دۆزراوە، ئیدی لەناوی خوازراوەوە بگرە تاکوو لۆکەیشنی بینای چیرۆکە درێژکراوەکە کە لەخۆشەویستییەکەوە سەرچاوە دەگرێت، تاکوو تێکەڵ بوون بە ئەدەبێکی باڵای وەکوو دەیستۆیڤیسکی و کافکا، بۆیە ڕۆماننووس هەنجەتێکی کردووە بە کەرەستەی نووسینەکە، تاکوو بیسەلمێنێ بەخەیاڵکردنی واقیع چۆنە، واقیعێک کە باکگراوندەکەی هێندەی سیاسییە، ئەوەندە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی نییە، وەکوو ئەوەی لەسەری نووسراوە.

سەروەر کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە، چونکە هەموو چەمکەکانی خۆشەویستی و ئینتیمای سیاسی و جیاوازی چینایەتی، خوێندەواری و ڕۆشنبیرییەکی تۆکمە و پووچگەراییەکی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، بەو پێیەی کە لەگەڵ نووسەران و هاوڕێکانی سەردەمەکەی خۆی جیاواز بووە، بۆیە سەروەر تەنیا پاڵەوانی هەموو شتزان نییە، تەنیا پاڵەوان نییە بۆ کردنەوەی گرێی خۆشەویستی کە بەشێک لەو نووسەرانەی لەسەریان نووسیوە وای بۆ دەچن، بەڵکوو ڕەهەندە سیاسییەکەی نەمانی (سەروەر و بەیان)ە کە لەڕۆمانەکەدا ناوی کچەکە بە نیان هاتووە، بۆیە لەلای من ئەم لایەنەیان گرینگترە لەو ڕەهەندە ئەخلاقییەی بەدەقەکە بەخشراوە،

لـەلای مـن خوێنـەری ڕاسـتەقینە ئەوەیـە کـە بـەوردی دەقەکـە دەخوێنێتـەوە و ئـەو کۆدانـە ئاشـکرا دەکات کـە قسـەیان لەبارەوە نەکراوە، هەڵبـەت مـن مەبەسـتم لـە نووسـینی نامـە وەهمییەکـەی سـەروەرە بـۆ بەیـان، بـەڵام نووسـەری ڕۆمانەکـە نامەیەکـی دیکـەی تـەواو جیـاوازی بەرهـەم هێنـاوە کـە لەگـەڵ نامـە بەجێماوەکـەی سـەروەر ئاسـمان و ڕێسـمانیان بەینـە کـە وەکـوو داسـتانێکی فـرە خوێندنـەوە - تەئویـل تەماشا کراوە، سـەرباری هەمـوو ئەوانـەش، لـەلای من دەستاودەستکردنی بەیاننامـەی حزبـی کـە لەڕۆمانەکەدا فۆکەسـی خراوەتەسـەر، گرینگتـر بـوو لـە چیرۆکـی خۆشەویستییەکەیان، چونکـە دەستاودەستکردنی نامـە و ئەدەبیاتـی حزبـی لەنێـو قوتابییـە کوردەکان هەمیشـە هەواڵـی نهێنـی بـووە.

لـە لاپـەڕە ١٣٥ی ڕۆمانـی (سـەردەمی گریانـی بەڵقیس) هاتـووە کـە سـەروەر دەڵـێ «مـن نابـێ لێـت نزیـک ببمـەوە، چونکـە باوکـم دەڵـێ ئەگـەر دەسـتی تـۆم گـرت، دەبـێ خیانەتـت لـێ نەکـەم، ئـەو گوتـی دەسـتی کچێکـت گـرت، نابـێ هەرگیـز جێـی بهێڵـی». ئـەم تێڕوانینـە ئەخلاقییـە بـۆ پێوەنـدی خۆشەویسـتی لـە کـوڕەوە بـۆ کـچ کـە دەقنـووس لـە خەیاڵـی خۆیـەوە بەرهەمـی هێنـاوە، باکگراونـدی ئەخلاقیاتـی سیاسـی جیـاوازی هەیـە، وەک چـۆن زۆربـەی کوڕەکانـی زانکـۆ لەبەغـدا لـە سـەردەمی بەعـس، بەناڕاسـتەوخۆ پاسـەوانی ئەخلاقیـی قوتابییـە کچـە کوردەکان بـوون، ئەمـە تێڕوانینـی خـودی نووسەریشـە کـە لـە ڕۆمانەکـەدا ئەرکێکـی بـۆ خـۆی زیـاد کـردووە، ئەویـش ستایشی باوکێتـی و دەڵـێ لـە جوانـی و ڕووناکیـدا نـاوی (جەمال)یـان لـێ نـاوە.

هـەر بـۆ سـەلماندنی ئـەوەی کە دەقەکە ڕەهەندێکی سیاسـی بـەو پێوەندییـەی نێـوان نیـان و سـەروەر بەخشـیوە، ئەوەیـە کـە لەیەکێـک لـە دیمەنەکانـی تـری ڕۆمانەکـە، لەلاپـەڕە ٢٢٧دا هاتـووە، کاتێـک مەحمـوود دەڵـێ «ئـازادی خوێنـی دەوێ، مـن ڕووشـکاوی کوڕە ئاغـا و دەرەبەگـم، ئـەو وڵاتە بەشـی هەمووانـە، ئـەوان کەیـف و سـەفای پـێ دەکـەن و ئێمـەش نانـی شـەوێمان زەحمەتـە، دەبـێ بڕووخـێ». دروسـتکردنی وەهـا دیالۆگێـک ئەگـەر ڕەهەنـدی ئایدیۆلۆژیشـی نەبێـت، دەبـێ ڕەهەندێکـی سیاسـی قووڵـی پـێ بدرێـت، بـەو پێیـەی کـە زەمەنەکـە حوکمـی خـۆی بەسـەر گرێچنـی ڕۆمانەکـەدا زاڵ کـردووە، بەتایبەتـی ئـەو زەمەنـەی کـە هەموو شـتێک یاسـاغ بـوو، بەخۆشەویستیشـەوە، کـە خۆشەویسـتی لـە قۆناغـی زانکـۆ بـۆ قوتابـی ڕەوایەتـی خـۆی هەیـە، لەکاتێکـدا تێڕوانینێکـی تـەواو پێچەوانـە هەیـە کـە دەڵـێ دوور نییـە هـەردوو کارەکتـەر نەمردبـن و بـە هـەر بیانووەکـەوە بێـت خۆیـان نەکوشـتبێ، بەڵکـوو لـە ژیانـدا مابـن، بـەڵام خۆیـان بـزر کـردووە، وەک چـۆن بەدەیـان کەسـی دی سـەفەریان بـۆ دەرەوەی وڵات کـردووە و نەگەڕاونەتـەوە، بەمـەش شـێوەی داسـتانێکی نوێیـان بەچیرۆکەکەیـان بەخشـیوە.

## خوێندنەوە و سەربەخۆیی دەق

نووسـەر هونەرمەندێکی ئازادە لە بەخشـینی سـتایلی گێڕانـەوە بـە پاڵـەوان، یـان گواسـتنەوەی ئەرکـە جیاوازەکانـی پاڵـەوان لـە گێڕانـەوەی چیرۆکدا، یـان گۆڕینـی چیرۆکـی واقیعـی و بـاو بـۆ چیرۆکـی خەیاڵی، چونکـە گێڕانـەوەی واقیـع، بیسـتراو، یـان زانراوێکـی بـاوە، کەوابـوو دەقنـووس مافـی دروسـتکردنی هەمـوو جـۆرە فەزایەکـی گونجـاو و نەگونجـاو، واقیعـی، یـان فانتـازی هەیـە، مافـی ئـەوەی هەیـە دنیابینـی و سـەرخانی فیکـری خوێنـەر بباتـە ئاسـتێکی باڵاتـر لەواقیعبینـی، بەپێچەوانـەوە لـە ڕۆمانـی مۆدێرنـەدا نووسـەر بـەدوای وێنەیەکـی نموونەییـە تاکـوو تیشـک بخاتـە سـەری، بـەدوای ژیانـی لۆکاڵییەوەیـە تاکـوو

بیکاتــە ژیانێکــی نائاســایی کــە مانــا و ڕەهەنــدی شۆڕشــگێڕی وەربگــرێ، بــۆ نموونــە گۆڕینــی نــاو و فۆرم و سایکۆلۆژیا و بنەما ئەخلاقییەکانی پاڵــەوان، گۆڕینــی وەزیفــەی پاڵــەوان، یــان کارەکتــەری دیــاری ڕۆمــان، هەروەهــا گۆڕینــی جوگرافیــا و فــەزای کۆمەڵایەتــی و کەرەســتە بەکارهێنــراوەکان و ...تــاد، جێگۆڕکێــی خۆکوشــتنی پاڵــەوان لەشــوێنێکەوە بــۆ شــوێنێکی تــر، لــە شــێوەیەکەوە کــە یەکــەم جــار لەقــەڵا خــۆی فــڕێ دەداتــە خــوارەوە، بــۆ شــێوەیەکی تــر کە لەگــەڵ نیــان دەچنــە قــەراخ ڕووبــاری دیجلــە و بڕیــاری خۆکوشــتن دەدەن.

بەپێــی تێڕوانینــی (وایــن)ی ڕەخنەگــری دەقــی ئەدەبــی، نووســەر لەنــاو دەق وێنەیەکی خــۆی لەگەڵ وێنەیەکــی خوێنەرەکــەی دروســت دەکات، وێنــەی خوێنــەر لەپــاڵ خــودی دووەمــی خۆی دروست دەکا، ســەرکەوتووترین خوێندنــەوەی دەقیــش ئەوەیــە کــە خــودی دروســتکراوەکان، واتــە خوێنــەر و نووســەر بەتــەواوی لەگــەڵ یەکتــر پێکــەوە بگونجێن، کەوابــوو بەپێــی ئــەم پرەنســیپە ئەدەبییــە مۆدێرنــە بــێ لــە ڕێگــەی پرنســیپەکانەوە هــۆ و وردەکاری دیمەنــە ئاڵــۆزەکان و پێوەندییەکانی مــرۆڤ نیشــان دەدرێت کــە ئەمــە دیــوە شــاراوەکەی ژیانــە، بۆیــە ئــەو پێیوایــە ڕۆمــان ســێ تایبەتمەنــدی بنەڕەتــی هەیــە.

**یەکــەم:** جەختکردنــەوە لەســەر دیــوی نــاوەوە، واتــە نــاخ و مێشــکی خوێنــەر.

**دووەم:** بەکارهێنانی شێواز لەدەقدا و دروستکردنی کاریگەری بەسەر نووسەری دیکەوە.

**ســێیەم:** توانایــی دڵڕفانــدن و سەرنجڕاکێشــانی خوێنــەر کــە ئەمانــە خاڵــی هاوبەشــی خوێنــەر و دەقــن لــە تێڕوانیــن و دنیابینــی نــوێ بــۆ ئــەدەب.

لێرەوەیــە کــە خوێنــەر مافی ئــەوەی نییــە ئاســت و ســنوور بــۆ دنیابینــی نووســەر دابنــێ و قایــل نەبێــت بــەو سینەمایەی کــە خــۆی بووەتــە کارەکتــەر تێیــدا.

خوێنــەری دەق ئــەو خوێنەرەیــە کــە بەتەنیــا یــەک دیمەنــی چیرۆکێکــی نێــو ڕۆمــان نابینــێ، بەڵکــوو خوێندنــەوە بــۆ ئــەو فــەزا نەبینــراوە دەکات کــە لەنێــو دیمەنەکانــی تــر شــاردراونەتەوە و ڕەهەندێکــی سایکۆلۆژییان پــێ دراوە، بۆیــە لەنێــوان ســەلەفیەتی خوێندنــەوە و خوێندنــەوەی ســەلەفیانە، پنتێکی جیاواز هەیــە کــە پێــی دەگوترێت خوێنــەری ژانرە قورســەکان، ئــەو خوێنــەرەی ســەربەخۆیی دەق و خــۆی تێکــەڵ بەبیرکردنــەوەی جیــاواز دەکات، کەوابــوو خوێنــەری ئەخلاقــی کــە هیلیــس میلــەر ڕەخنــەی لــێ گرتــووە، ناکــرێ وەکــوو بەشــداربووی دەق، یــان خوێنەرێکــی هۆشــیار تەماشــای بکەیــن، کــە دەڵێیــن خوێندنــەوە بــۆ دەقــی کوردی نەکراوە و مافــی ئەدەبی و فیکری پــێ نــەدراوە، ئــەم لایەنــە ئەخلاقییەیــە کە تێڕوانینی سیاســی و کولتــووری خەڵکی عــەوام بەســەریدا زاڵــە، نــەک شــیکاری ســایکۆلۆژی بــۆ ئــەدەب.

## بەرگری لە دەق، بەرگری لە ستایل

ئاســاییە ئەگــەر بڵێیــن هەمــوو دەقــەکان لەژێــر کاریگــەری یەکتــر و لەژێــر کاریگــەری میتۆلۆژیــای یۆنانــی و ئەفریقــی و کەلەپــووری لۆکاڵــی نەتــەوەکان نووســراونەتەوە، بــەڵام ئاســایی نییــە داوا بکەیــن نووســەری دەق، دەقــاودەق مێــژوو، یان ڕووداو وەکوو خــۆی بنووســێتەوە، ئەمــە کاری ڕۆژنامەگەرییــە کــە دەبــێ چیــرۆک وەکــوو خــۆی بگێڕدرێتــەوە و فانتازیا، تێکــەڵ بەخەیــاڵ نەکرێت و ئەخلاقــی کار لەبەرچــاو بگیرێت، لەکاتێکدا بۆیــە تیــۆری هێرمینیۆتیکا کاری پــێ دەکرێــت و گادامێــر بــە کەرەســتەیەکی وردی دەزانــێ، چونکــە یەکێکــە لــەو تیۆرانــەی کــە ئاســۆی بیــری خوێنــەر فراوانتــر دەکات، وەکوو چۆن نووســەر ئــازادە لــە خوڵقاندنــی دەق، ئاوهــاش خوێنــەر ئــازادە لــە بەکارهێنانــی هێرمینیۆتیــکا بــۆ جەوهــەر و پشــتی دەقەکــە، بــەڵام ناکــرێ دەقــی ئەدەبــی سەرزەنشــت

بکرێ و حوکمی پێش وەختەی بەسەردا بدرێ، بەتایبەتی حوکمێک کە پاڵنەرەکەی ترادیسیۆنی نەتەوە کردوویەتی بە پێوەر بۆ دەق.

لە ڕۆمانی (سەردەمی گریانی بەڵقیس)دا هێڵە گشتییەکە دیارەو پاڵنەرە سایکۆلۆژییەکەش دیارە، بەتایبەتی کە هەموو فۆکسەکان لەسەر (سەروەر)ن وەکوو پاڵەوانی سەرەکی دەقەکە، ئەویش لەو دیمەنەدا زیاتر دەردەکەوێت کە دیمەنی لاقەکردنەکەیەتی، ئەم دیمەنە بۆیە وەرگیراوە، پاڵەوانەکە بەهۆی کردارێکی گەنجانەوە لەسینەما دەبێت و غەریزە تووشی نائاگاهی دەکات و وەکوو هەر گەنجێکی تری چەپێنراوی سێکسی، بەهۆی دیمەنی وروژێنەرەوە خۆی ڕەحەت دەکات و کەسی تر پێوە دەبن، بۆیە لەبەرانبەر ئەوەی لاقە کراوە و لاقەکردنەکەشی بووەتە هۆکاری شەرمنی و سەرشۆڕی، تاکوو ڕۆماننووس بیسەلمێنێ ئەو کارەی ناحەزەکانی کۆمەڵگەی چەپێنراو، چۆن دەتوانێ بیسەلمێنێ پاڵەوانێکی شەرمن لە کۆمەڵگەیەکی ئەخلاقیدا دروست بکات و ڕووبەڕووی ململانێی کولتووری ببێتەوە، ئەگەرچی ئەم ڕووداوە دروست کراوە و واقیعی نییە، هەروەها ناحەزانەیە و بەسەر زۆر هەرزەکاری تری سەدەی ڕابوردوودا هاتووە، مانای ئەوەشی پێ بەخشراوە کە لەنێو خەڵک ناشیرین بێ، ئەگەرچی تاڕادەیەک بە سووک تەماشا کراوە تاکوو گەورە بووە، بەڵام بەهۆی بەسەرچوونی زەمەن، ڕووداوەکەی کۆن کردووە و لە زەینی ئاشناکانی ئەو ڕووداوەی سڕیوەتەوە، بۆیە نەبووەتە مۆرکێکی مێژوویی بەنێوچاوانی کەسەکەوە، نەخوازەلا دروستکردنی دیمەنێکی خەیاڵی بۆ نووسینەوەی چیرۆکێکی کاریگەر لە ژانری ڕۆماندا.

لە تێگەیشتنی مێژوویی بۆ دەق، خانەی ڕاڤەکردن ئاسۆیەکی ئامێتەبوون و لەیەکدا توانەوە هەیە، ئەمە کلیلی چەمکی ڕانانی دەقە، تاقیکردنەوەی هەموو حوکمدانێکیش بۆ دەق، تێگەیشتنی کلاسیکی و ترادیسیۆنی زاڵ دەکات، ئێمە شاهێد، یان خوێنەری دەیان ڕۆمانین کە گرێی سێکسی کردووەتە گرێچنی سەرەکی دەقەکە، ئەگەرچی من لایەنگر، یان خوێنەری ئەو دەقانە نیم کە سێکس وەکوو گرێی سەرەکی ڕۆمان بەکاردەهێنن و زیاد لە پێویست سەرنج دەخەنە سەر ئەو لایەنە، لەکاتێکدا ئەو شێوازە بەسەرچووە کە هەموو شتێک، بەتایبەتی خوێندنەوە وەکوو یەکێک لەپاڵنەرە غەریزییەکانی سێکس مامەڵەی لەتەکدا بکرێت، ئێستا خوێنەر هەموو شتێک لەنێو دەستێتی و لەڕێگەی مۆبایلەکەیەوە ئاشنای دەبێ، بەدیاریکراوی دیمەنی پۆڕن، ئەوە لەزەمەنی بەسەرچوودا باو بوو کە دەقێک سێکس تێیدا ئامانج بوایە، خوێنەری زۆر دەبوو، ئێستا گرێی سایکۆلۆژی دیکە جێگەی گرێی سێکسی گرتووەتەوە، بۆ نموونە گرێی ئابووری و سیاسی، بەڵام نووسەر مافی ئەوەی هەیە ئەو شتانە لەئەزموونی خۆیدا بینیویەتی، پێچەوانەی بکاتەوە و مانایەکی جیاوازی کۆمەڵایەتی، یان سیاسی پێ ببەخشێت، بۆ نموونە (مۆرا ساکی)ی ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (چیرۆکی کێنجی) کە ڕۆمانەکە لە ٥٤ بەش پێک هاتووە و باسی سەرکێشی کچێکی شازدە ساڵان دەکات کە چیرۆک و کچەکەش لە ژاپۆن ناسراون، بەڵام لەدەقەکەدا ناوی کچەکە گۆڕاوە، لەو ڕۆمانەدا کێنجی دەکەوێتە داوی جۆرە خۆشەویستییەک لەوێنەی خوو، یان ئالودەبوونی سێکسییەوە، ئیدی دەیان کوڕ تاقی دەکاتەوە، ڕۆمانەکە بە سروشتێکی پەرجوو ئاساوە نووسراوە، بەمەش ئێمە پەلکێش دەکات و گرچنەکەی لەم سەرەوە تاکوو ئەوسەر گرێی سێکسییە، لەکاتێکدا نووسینەوەی دەقی سێکسی بەو ستایلە، بەلای

ژاپۆنییەکانەوە سنووربەزاندنی بەهای کۆمەڵایەتییە، کەچی ئەخلاقیانە خوێندنەوەی بۆ نەکراوە، بەڵکوو وەکوو هونەر و پیشەسازی تەماشاکراوە.

لە کاتێکدا دەقی ڕۆمانی سەردەمی گریانی بەڵقیس نووسینەوەی چیرۆکی زەمەنێکی بەسەرچووی واقیعییە و جەختی لەبالای ئەخلاقی ترادیسیۆنی کۆمەڵگە کردووەتەوە، بەڵام بەخەیاڵ و فانتازیاوە، بۆ نموونە لە لاپەڕە ٢٨٥ی ڕۆمانی سەردەمی گریانی بەڵقیس دەڵێ: (با هەموو دونیا لەگەڵت بێت، کە یاسای ئەخلاق لەگەڵت نەبوو، هیچە، با کەس ئامۆژگاری ئەخلاقی نەکات، یاسای ڕەوشت لەدڵی خۆمدایە هیچ هەڵەیەک ناکەم)، ئەم دیالۆگە دەرخەری ئەوەیە کە هەردوو کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە لە دیالۆگەکانیاندا دیارە ئەمەیان لەبەرچاو گرتووە بەرانبەر قسەی خەڵکی، تەنانەت تێڕوانینی زانکۆش، بەڵام چونکە لەواقیعدا دوو کەسی سەرکێش بوونە و هەر ئەو سەرکێشییەش بووە هۆی دیارنەمانیان و گوایە خۆیان کوشتووە، بەپێی شاهێد حاڵەکانی ئەو سەردەمەش بێت کە ڕەنگە لەئاییندەدا نهێنی زیاتر لەبارەی ونبوونیانەوە دەربکەوێت و ئاشکرا بێت، هیچیان کەسی ئاسایی نەبوون و خۆشیان نەکوشتووە، هەموو نهێنی چیرۆکەکە ئەوەیە کە کچەکە ئەزموونی خۆشەویستی زۆر بووە، وەکوو چۆن پاڵەوانی چیرۆکی کێنجی ئالوودەی خۆشەویستی بووە و عیشقی نەزانیوە و زۆرترین کوڕی خستووەتە سەر ئامانجی خۆیەوە و تووشی عیشق و حاڵەتی نائاسایی سایکۆلۆژی کردوون، بەڵام چونکە خوێنەری کورد بەهەمان تێڕوانینی ئەخلاقیانەی کۆمەڵگەی کوردی تەماشای دەق دەکات، لەبیری چووە کە ئەمە دەقی ئەدەبییە و لە ئەدەبیشدا شتێک نییە ناوی تاوان بێت، بۆیە هەموو چیرۆکی ڕۆمانەکەیان بەو دیمەنەوە گرێ داوە کە سەروەر لەلایەن چەند کەسێکەوە لاقە دەکرێت، ئەوەش دەبێتە هۆکار بۆ خۆکوشتنەکەی کە ئەمە زیاتر لە ڕاپۆرتی یاسایی و ڕۆژنامەوانی دەچێت.

لایەنێکی دیکەی بەرگری کردن لە دەق، بابەتی زمان و شیعریەتی دەقە، بەکارهێنانی ستایلی گێڕانەوەیە، ئەرکی خوێنەر ئەوەیە کە هەڵەی مێژوویی بگرێ، هەڵەی بەکارهێنانی ئیدیۆم و ناوونیشان و بەکارهێنانی زمانی بیانی کە لە ڕۆمانی (سەردەمی گریانی بەڵقیس)دا ئەم هەڵانە دەبینرێن، بۆ نموونە بەکارهێنانی ناوی گەڕەکێک بەهەڵە (ئاغالار کوچەسی) و (حەرەم کوچەسی) هاتووە، ڕاستییەکەی (ئاغەلەر کوچاس و حەرەم کوچاس)یە، چونکە بەتورکمانی بەو شێوەیە دەخوێنرێتەوە، لە شوێنێکی تر وشەی (تورکەمانی) بەکارهێناوە، لەکاتێکدا بۆخۆی تورکمانییە. لەلاپەڕە ١٩٩ی ڕۆمانەکەدا وشەی خنخنۆکە بەکارهاتووە کە نازانرێ وشەکە بەهەڵە بەکارهاتووە، یان مانای چییە، چونکە وشەکە لۆکاڵییە و لە شارەکانی تر بەکارنەهاتووە، وشەی خشەخشی میز هەڵەیە، بەڵکوو بەمیزی کچان و ژنان دەگوترێ (خوشخشەی میزی) دێت.

سەرچاوەکان:

١ - سەردەمی گریانی بەڵقیس. ڕۆمان. نووسینی جەبار جەمال غەریب، ٢٠١٨.

٢ - عەلی عوسمان یاقوب. ڕۆمان. ژانری تەکنیکە جوانەکان و ڕەگەزی فرەڕەهەندەکان، دەزگای سەردەم، ٢٠١٩.

٣ - سلسلة مائة كتاب، مدخل لدراسة الرواية، جريمي هوپۆرون، ترجمة غازي درويش عطية.

٤ - صنعة الرواية، بيريسي لوبوك، ترجمة عبدالستار جواد.

٥ - پیتەر هالبێرگ و دانەرانی تر، تیۆری ئەدەبی شێوازناسی، کوردۆلۆجی، ساڵی ٢٠١٠.